# توریست یان تیرۆریستی سعودی؟!



## ئەردەڵان عەبدوڵڵا

ڕۆژنامەی شەرق ئەلئەوسەتی سعودی ، هەواڵی دەستگیرکردنی دوو هاوڵاتی سعودی لەلایەن پۆلیسی کوردیەوە ڕاگەیاند* . ئەم دوو هاوڵاتییە سعودیە (عبد الله محمد صالح الرميان ومحمد صالح سليمان الرشودي )کەلە ئیبراهیم خەلیل گیراون ،و بەپێی قسەی خۆیان ، لەئوردونەوە چوون بۆ تورکیاو لەوێشوە بەرەوکوردستان هاتوون. ئاسایشی کوردستان رایگەیاندووە ، کە ئەم دوو هاوڵاتییە بۆ کاری **تیرۆریستی** هاتوونەتە کوردستان . لێ ئەو دوو بەرێزەش ، نکولیان کردووەو ، ووتویانە گوایە بۆ **توریست** (گەشتوگوزار هاتوونەتە کوردستان !!). الرشودی ، لەزیندان لەهجەی عێراقی فێربووەو کەمێکیش کوردی دەزانێت و ، ووتوشیەتی زۆر حەزی لە خواردنی کوردیە بەتایبەتی ( کەباب!!!!) . کەریم سنجاریش ووتویەتی ، کەئەم دووبەرێزە لە (مانگی سێپتەمبەری 2003 )وە لە زیندانی هەولێر میوانن . کەچی سەیر لەوەیە تازە ئەم ڕۆژنامە بەرێزە باسی گیرانیان دەکات . کەئەم هەواڵەم خوێندەوە ، پرسیارێکم لادروست بوو. ووتم تۆ بڵێیت ئەم دوو برادەرەڕاست بکەن ؟! خۆ کوردستان ووڵاتێکی خۆشە و شوێنی گەشتوگوزاریشی گەلێک زۆرە . بەڵام دیسانەوە باوەڕم نەکرد ، باشە وائێمە کوردستان، کە ووڵاتی خۆمان بەجێمان هێشتووە و هەموو یادگاری و خۆشیەکانمان فرێداوە ، ئیتر چۆن دەچێتە مێشکی کەسێکەوە ، کە ئەم دوو برادەرە بۆ توریست هاتبن!! . ئەرێ بەڕاست تۆ بڵێیت ئەم دوو بەڕێزە **توریست بن یان تیرۆریست؟؟!!!** . ئەی تۆ بڵێیت باوەڕیان بەقسەکەی سەدام نەکردبێت کاتێک ووتی( کوردستان بەهەشتی سەر ڕووی زەمینە!) کەچی هەر خۆی ئەو بەهەشتەی وێران کرد . یان تۆ بڵێیت ئەمانە بەقسەی شێخەکانی ( زەرقاوی و ژەهراوی و ،،،) نەکردبێت ، چونکە ئەوانە شەورۆژ دەڵێن:( بەهەشتی خودا لەعێراقە ) . بەهەرحاڵ توریست بن یان تیرۆریست ، گرنگ ئەوەیە گیراوون ، هیوادارم بە هیچ شێوەیەکیش بەریان نەدەن. دەستخۆشیش لە ئاسایشی کوردستان دەکەم .

*

الشرق الاوسط العدد 10045 ، 30/05/2006